www.gep-media.com
E: gepgovar@yahoo.com
Tel: 0750 704 3082
گۆڤارێکی مانگانەی کاریکاتێرییە
ئەوەڵ ژمارە ٢٠٠٤/١٠/١
لە دەستمان دەرچوو
متمانەی ژمارە (٨٤) ی ٢٠١٠/١/٧ی
سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی پێدراوە

**خاوەنی ئیمتیاز**
**ئیسماعیل بەرزنجی**

**سەرنووسەر**
**محەمەد قادر**
sardamm2003@yahoo.com

**نوێنەری گۆڤار لە دهۆک**
**سەردار کێستەیی**
serdar_kesteyi@yahoo.com

**نوێنەری گۆڤار لە سلێمانی**
**پەروەر**
Tel: 07701492911

**دەستەی نووسەران**
ڕەوف حەسەن
حسن العانی
کەژاڵ ئیسماعیل
ڕێبوار ئدریس
نەجات حەمید
سالار حەسەن
کەریم مودەریس

**هونەرمەندانی کاریکاتێریست:**
عەلی مەندەلاوی
خضیرالحمیری
پەروەر
سۆران کوردپوور
ڕۆستەم زادە (ئامۆ)
ئاراس باڵاتەیی
فەرەیدون هاوار
عەلی دەرویش
سەردارکێستەیی
سالم سەلیم
ئەحمەد مەندەلاوی
زێرەڤان سالح
سەرتیپ فەتاح
بابان

**نووسەرانی بەشداربوو**
ئەحە نۆکە
ڕەفعەت کەرکوکی
کاروان فەتحی
دیار خورشید
بەختیار حەسەن
شوان غەمبار
مەنسور دەرویش زادە

ناونیشان: هەولێر- گەڕەکی ئەندازیاران

چاپخانەی موکریانی – هەولێر

ژمارە
125
ساڵی حەوتەم ٢٠١١/٦/٢٥
بەرگ: ئەنفۆنزای گەندەڵی



## خەبەر عاجیل

پەیامنێرمان لە تەرابلوسی پایتەختی لیبیاوە لەسەر زاری ئەندامێکی ڕێکخراوی ناتۆوە، ئەم خەبەرە عاجیلەی بۆ ناردین، گوایە موعەممەر قەززافی لەعانی مقاوەمەی شەڕو پێکدادانەکاندا مزگەوت و باخچەکانی ساوایان دەکاتە قەڵغانی مرۆیی و شەڕی مانەوەی دەستەڵاتی خزاندۆتە ئەو دوو شوێنە هەستیارە، بۆ زانیاری زیاتر بچنە پاشماوەی خەبەر عاجیل، بەڵام وریای خۆتان بن چونکە ئەو مەغۆلە دەست ناپارێزێ! ل٣٧



## دڕکبژێر



جاران وا بوو، ئەی ئێستا چۆنە؟ ل5



ئەم مورتاحە لەسەرچی دانیشتووە؟ ل14



حزبی کەران لە هەڵبژاردنی داهاتوودا ل27

**بەڕێوەبەری هونەری و نەخشەڕێژ**
**رزگار فەقێ عوەڵ**
rzgarfaqe@yahoo.com

**بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی**
**چیار ئەحمەد سالار**

**ماڵپەڕ:**
ڕێباز نەجات

**دیزاین**
چیار ئەحمەد
دلاوەر جەمیل

بۆ دیزاینی بەرگی یەکەمی ئەم ژمارەیەی گەپ سودمان لە دیزانیکی پێشنیازکراوی هونەرمەند (باسم رەسام) وەرگرت.

**سەرپەرشتی چاپ:**
هێمن نەجات

**هەر دەزگاو کتێبخانەیەک ویستی بەشداری لە کڕینی گەپ هەیە، پەیوەندی بەم ژمارانەی دەزگای تەتەرەوە بکات**
٠٦٦٢٥٠٢٢٢٥ ٠٦٦٢٥٠٢٢٢٤ ٠٦٦٢٥٠٢٢٢٣



تیراژ: ٤٠٠٠ دانە
نرخ: ٥٠٠ دینار ئەگەر فریای بکەویت

## سەروتار




## بە مەزەندە



* بەمەزەندەی مۆبێلات فرۆشەکانی بازاری کۆبوونەوەی بێ ئەنجام، دوای ئەوەی لایەنە عێراقیەکان هەزاران تاقمی مێزی کۆبوونەوەیان کڕی و گۆڕی کەچی هەر ڕێکنەکەوتن، پێشبینی دەکرێت سیعری مێزو کورسی دابەزێت، چونکە دارەکەی بەری ئیتفاقی پێوە نەماوە. !!

* بەمەزەندەی تەقەچیەکانی شەڕی لابەلاو بە بۆچوونی هجومکەرەکانی مەسلەحەت، ئەڵێن هەنێ لایەنو مایەن ژێربەژێر سیلاح ئەکڕن، بۆیە چاوەڕوان دەکرێت سەربەسەر بیتەقێنن !!

* بەمەزەندەی بودجە ژمێرەکان و بە خەیاڵی مەعاش بەلاشەکان، پاش ئەوەی هەرکەسەی هەڵئەسێ داوای مەعاش ئەکات، لەوانەیە ماوەیەکی تر هەرێمەکەمان ببێتە گەورەترین هەرێمی موەزەف لە دنیادا ...

* بەمەزەندەی فرتوفێڵی کامێرەمان و نەمانەکان، بۆ بۆچوونی تورەکەرو توورەبووەکان، پاش ئەوەی مروری خۆمان بە شاراوەیی و لەپڕا کامیرەکانی دەباتە جادە، پێشبینی دەکرێت لە بواری هونەری کامێرەی شاراوەدا مروری کوردستان پلەی یەکەم بە دەست بێنێت!.

## شاشەی tv یەکان

* لە شاشەی ناوخۆی قەڵات تیڤیدا و لە ژێرنووسێکدا نووسرابوو دوعام لۆ بکەن تازە موبایلم کڕیوە، با لە ماڵەوە کەشف نەبم، بە بڕوای ئەم شەخسە بەڕێزە ئێمە هیچ ئیشوکارمان نییە دانیشین دوعا بۆ جەنابی بکەین کەشف نەبێت، تا شەوان لەگەڵ کوڕوکاڵدا ئێشکگر بێت بە تەلەفۆن ؟

* لە شاشەی سەتەلایتی NRT و لە راپۆرتێکی تێروتەسەلدا سەرەڕای ئەو بارگرژییەی رووی لە هەرێمەکەمان کردووە باسی لەسەرگورشتەی گوێدرێژێک دەکرد، برادەرێکیش بە پەیوەندی تەلەفۆنی بۆ بەلەزەتکردنی ئەم راپۆرتهکە گوتی: ئێستا ڕەوشی کەر لە هەرێمی کوردستاندا زۆر نا لەبارە!

* هەر لە هەمان کەناڵی پێشوو داو لە گەرمەی خوێندنەوەی هەواڵەکاندا بێژەرەکان لە یەکترییان دەپرسی: تۆ حەزت لە ڕاوە ماسییە؟ نازانم شانۆگەرییان پێشکەش ئەکرد یان هەواڵ!!!

* لە شاشەی سەتەلایتی هەولێردا شانۆگەرییەک نمایش کرا پڕبوو لە ڕەخنەی زەق.. بەڵام یەک دانە لەوانەتان بۆ باس دەکەم.. کابرایەک پارەی دزرابوو، پۆلیسی ئاگادار کردبووە، کەچی لەبری دووسێ پۆلیس لە کێشەکە بکۆڵنەوە، تەنها ملازم ئەوەڵێک هاتبوو بە بێ حیمایە وابزانم هەڵەشم نەفەرموو بێت ملازمەکە مروووریش بوو!!











سالار حەسەن

## وەڵامی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات بۆ هاوڵاتیان

لەماڵی گەرمی سیاسەتەوە
لە فتبۆڵینی خۆش تاقەتەوە
لە ساحەی بەزمی دوو گۆڵییەوە
لە مشت و مڕی پێنج قۆڵییەوە
لە دوو قەڵەمی پڕ خەڵاتەوە
لە موعارەزەو دەستەڵاتەوە
نامە ئەنێرین وەک کارتی شایی
پڕبێ لە مژدەو لە دڵنەوایی
خۆش و بەتام بێ وەک لوقمەقازی
بۆ گشت هاوڵاتیان بەبێ جیاوازی
پەیامی ئێوە گەیشتە لامان
ئیشمان لەسەر کرد بە هەردوو لامان
هەر لەبەر دڵی ئێوەی خۆشەویست
جێبەجێی دەکەین هەرچییەکتان ویست
پێدانی سولفەی زەواج و عەقار
گرفتەکانی قوتابی و خوێندکار
موچەی پێشمەرگەو مامۆستاو مودیر
یەکسانیان دەکەین لەگەڵ هی وەزیر
مافی ژن و پیاو وەک یەک لێدەکەین
ڕۆژی حەوت سەعات ئیشتان پێدەکەین
ئێوەش لەمەودوا تۆزێ بە ویژدان
یەکسەر دەست مەکەن بە تەپڵ لێدان
کاتی ناو نوسین چوار مەکەن بە نۆ
مەیدەنە دەستمان شەهادەی درۆ
خۆتان دور بگرن لە ئەتواری قۆڕ
زەوی وەرمەگرن بۆ مردوی ناو گۆڕ
جادەو کۆڵان و بازاڕ پیس مەکەن
گوڵی پارکەکان بە گوو سیس مەکەن
باقی وەسەلام قەدری ئاو بگرن
نەوەک خوانەخواست لە تینوا بمرن
ئێمەش و ئێوەش با ئەم وڵاتە
بە کەوچک نەخۆین وەکو زەڵاتە!!









له ناحیەی خەبات پێشانگایەکم بەرچاوکەوت لێی نوسرابوو (پێشانگای سوپاس) ئیتر نازانم سوپاسی کێ ئەکەن، یان ڕەنگە سوپاس بفرۆشن! لەوەش سەیرتر کیلۆمەترێک لەدووری ئەو پێشانگایەکی ترم بینی نوسرابوو: (پێشانگای سوپاس٢ )!

برادەرێک سوێندو قورئانی بۆ خواردم وتی: خزمێکمان چۆتە عەیادەیەکی پزیشکی، پزیشکەکە مەست بوە! پاش فەحص و فحوصات لە پارچە کاغەزێکی نوسیوە: لە صیدلیە ئەم دەرمانانە وەرگرە! ١طن شیش و ٣ طن چیمەنتۆ!!

کوڕێکی مامم ژنی مارە بڕی، ژن و پیاوێکیش هاتنە ئاهەنگەکەیان، پیاوەکە تەواوی ددانەکانی کەوتبوون، ئاگام لێبوو ژنەکە بە پیاوەکەی ئەوت: بەخوا بۆ ئاهەنگی گواستنەوەکەی تاقمێک بۆ ددانت نەکەی ئەتکەم بە فلیم ئەم بۆشاییە چاک بکەن

ناوی مزگەوتێک ئەزانم بەروارو ساڵی درووست کردنە کەسیشم لایە، یەک چارەکە سەعات دوایی گشت مزگەوتەکانی شازی هەولێر بانگ ئەفەرموێت.. یان سەعاتەکەی کاکی موزن لە دوایە.. یان هەر بە تۆبزی وا دەکات..

پێیان عەجیب نەبێ ئەگەر بڵێم سەعاتە گەورەکەی مابێنی قەڵاو بازاڕی نیشتیمان دوو هەفتەی ڕەبەقە لەسەر کاتژمێر دوانزە تەحنیت بووەو چرکەیەک دایکیەتی و چرکەیەک باوکیەتی نە بەملادا و نە بەولادا ناجوڵێ تۆ بڵێی ئەویش تووشی پەتای گەندەڵی لەکات لادان نەبووبێ؟

